ئەردۆگان لەبارەی دەخی فەلەستینەوە نامەیەکی ئاراستەی پاپا فرانسیس کرد

سەرەکۆماری تورکیا لە نامەیەکیدا بە پاپا فرانسیس نووسیویەتی: نابەت مرۆڤایەتی ڕێگە بە پەشەلکردنی زیاتری یاسا نێودەوڵەتییەکان بدات.

فەرمانگەی پەیوەندییەکانی سەر بە سەرۆکایەتیی کۆماری تورکیا ڕایگەیاند، سەرەکۆماری تورکیا لەبارەی دەخی فەلەستین نامەیەکی ئاراستەی پاپا فرانسیس، پاپای کەنیسەی کاسۆلیکی و سەرکی دەوڵەتی ڤاتیکان کردووە، تێیدا نووسیویەتی "نابەت مرۆڤایەتی ڕێگە بە پەشەلکردنی زیاتری یاسا نێودەوڵەتییەکان بدات."

ئەردۆغان دەڵێت "پێویستە مرۆڤایەتی دەنگی خۆی دژ بە بڕدووەمانی نەخشخانە، قوتابخانە، مزگەوت و کەنیسەکان هەبێت. لە دەخی جەنگیشدا، نابەت دەست بە ئەو شوێنانە ببڕن."

لە نامەکەدا ڕەجەب تەیب ئەردۆغان هەروەها جەختیکردووەتەوە لەوەی تا ئەو کاتەی کێشەی فەلەستین و ئیسرائیل بە شێوەیەکی دادپەروەرانە چارەسەر نەکرێت، ئاشتی و سەقامگیری لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەدی نایەت.